گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1291(PP 115-129)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.6

توێژینەوە

# ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژی لە تابلۆكانی هونەرمەند دارا محمد علی (توێژینەوەیەكی شیكاری هونەریە)

**توانا يحيى خضر/** بەشی شێوەكاری، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق.

**قاسم حسين صالح/** بەشی دەروونزانی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی بەغدا، عێراق

**مؤيد اسماعيل جرجيس/** بەشی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژی لە تابلۆكانی هونەرمەند دارا محمد علی) توێژینەوەیەكی شیكاری هونەریە، لە چوار بەش پێكدێت. بەشی یەكەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە كە تێیدا گرفتی توێژینەوە بەم پرسیارە دیاریكراوە: ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژی لە تابلۆكانی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی دا چیە؟ گرنگی توێژینەوە و ئامانج و سنوری توێژینەوە و پێناسەی چەمك و زاراوەكان. وە بەشی دووەم تایبەتە بە چوار چێوەی تیۆری توێژینەوە بە لە خۆگرتنی سێ تەوەر، تەوەری یەكەم: هەڵچوونەكان وهونەر، تەوەری دووەم: تیۆرەكانی هەڵچوون كە پێك دیت لە (تیۆری جەیمس-تیۆری كانۆن- تیۆری دووفاكتەری شاكتێر- تیۆری جۆزیف لۆدۆ)، تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژی لە كاری هونەریدا، پاشان دیاریكردنی ئاماژەكانی چوارچێوەی تیۆری ولێكۆلینەوەكانی پێشوو. ئینجا بەشی سێیەم دێت كە تایبەتە بە ڕێكارەكانی توێژینەوە: كۆمەڵگای توێژینەوە ونمونەی توێژینەوە وریبازی توێژینەوە، بە لە خۆگرتنی سێ (3) نموونە. وە بەشی چوارەم تایبەتە بە: ئەنجام و دەرەنجامەكانی توێژینەوە كە لە كۆتایی ئاماژەی پێكراوە، وە توێژەران لە كۆتاییدا كۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیار و لیستی سەرچاوەكانیان خستە روو.

CORRESPONDENCE
توانا يحيى خضر
twana.khudhur@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/05/28
پەسندكردن 2023/08/10
بڵاوكردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەكییەكان:**
ڕەنگدانەوە،
سایكۆلۆژی،
هەڵچوون.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

### 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

#### 1. 1. گرفتی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە باس لە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان سایکۆلۆژیای هونەرمەند وژینگە ورووداوەکانی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی دەکات، وە لە نێوان خۆ کارلێککردن لەگەڵ ئەم ڕووداوانەی کە کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی تاکی کورد بەگشتی وهونەرمەند بەتایبەتی هەیە دەکۆڵێتەوە، تابلۆی هونەری شێوەکاری دەستکەوتێکی دەستکردی سادە نییە، بەڵکوگوزارشتێکی بینراوە لە تێبینیە سایکۆلۆژینەکان کە نەک تەنیا گوزارشت لە کەسایەتی هونەرمەند دەکات، بەڵکوگوزارشت لەوکۆمەڵگایەش دەکات کە تێیدا دەژیت، لە ڕووی کەلەپوور وئازار ونەریت وئاوات وکاریگەری لەسەر هونەرەکانی تری دەوروبەر.

لێرە سروشتی گرفتەکە وقوڵی وفراوانیی نێوان دامەزراوەکانی هۆشیاری سایکۆلۆژی بۆ توێژەران دەردەکەوێت لە ڕێگەی ئەم پرسیارە:1- ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە تابلۆکانی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی دا چیە؟

#### 1. 2. گرنگی توێژینەوە:-

گرنگی ئەوتوێژینەوەیە خۆی لە مامەڵە کردنی لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری بەرفراوان (لە ڕووی کۆمەڵایەتی، کولتووری، هونەری...) ودیاری کردنی کاریگەرییەکان وتایبەتمەندییەکانی لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی هونەرمەندی کورد دارا محەمەد عەلی وداتاکانی لە هونەری شێوەکاریدا دەبینێتەوە، وەک چۆن هونەرمەند دارا محمد عەلی پانتاییەکی لە هونەری هاوچەرخی کوردیدا داگیرکردووە وکاریگەرییەکەی لە تابلۆ هونەریەکانیدا بەدی دەکرێت. وە ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەوتوێژینەوە زانستیە گرنگانەی کە بواری هونەری سایکۆلۆژی لەخۆدەگرێت. وە گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ پڕکردنەوەی لایەنی زانستی وئەکادیمییە لە بواری هونەری شێوەکاری (وێنەکێشان) وەک بەشدارییەکی ڕەسەنیشە بۆ کتێبخانەی کوردی کە سوود بە قوتابی فێرخوازانی هونەر ورەخنەگران وتوێژەران دەگەێنێت.

#### 1. 3. ئامانجەکانی توێژینەوە:

- زانین و دەستنیشانکردنی ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە تابلۆکانی هونەرمەند دارا محمد علی دا.

#### 1. 4. سنووری توێژینەوە:

**1. سنووری بابەتی:** ڕەنگدانەوەی سایکۆلوژی لە تابلۆکانی هونەرمەند دارا محمد علی.

**2.سنووری کاتی:** سالانی (1998-2020).

**3.سنووری شوێنی:** شاری (هەولێر).

#### 1. 5. پێناسەی زاراوەکان:

**1. 5 .1. ڕەنگدانەوە** : گۆڕانکارییە لە رووکەش و لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا کە دووڕووبەر لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەجۆرێک کە ئاراستە دیاریکراوەکە بۆ ئەوناوەندەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە بگەرێتەوە. نموونەی باوی ئەمەش بریتین لە ڕەنگدانەوەی رووناکی ودەنگ وئاو. وە یاساکانی ڕەنگدانەوەی رێکخراودەلێن ئەوگۆشەیەی کە شەپۆل دەداتە سەر ڕووکەشێك یەکسانە بەوگۆشەیەی کە ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی لەسەرە، وە لە ئاوێنەدا ئەوڕەنگدانەوەیە نیشان دەدرێت (Moreno. 2010, P. 27).

#### 1. 5. 2. پێناسەی سایکۆلۆژیPsychology :

ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە دیاردە دەروونییە هەستی و ناهەستیەکان دەکات بۆ ئاشکراکردنی یاساکانی گشتی. وە وشەی سایکۆلۆژی لە دوو برگە پێکدێت کە ڕەچەڵەکەی لە یۆنانییەوە هاتووە، کە بریتییە لە (Psyche) کە ئاماژە بۆ ژیان یان ڕۆح، وە برگەی دووەم (logos) واتا زانست واتە هەر لێکۆڵینەوەیەک کە سەرچاوەی میتۆدۆلۆژی زانستی هەبێت، وە وشەی سایکۆلۆژی (Psychology) زانستێکە کە لە یاسا گشتییەکانی کارلێکی زیندەوەران لەگەڵ ژینگەکەی و کاریگەرییەکانی دەکۆڵێتەوە کە ئێمە پێی دەڵێین هەڵسوکەوت، وە پرۆسەی دەروونی تاک وەکو (فێربوون، هەستکردن، تێگەیشتن، زیرەکی، هەڵچوون، جووڵە، ئاماژەکان...هتد)، ناکرێ سەربەخۆ سەیر بکرێن. چونکە هەڵسوکەوتی مرۆڤ کارلێکێکە لە نێوان هەموو ئەم پرۆسانە (سعید، 1990، ص19).

**1. 5. 3. ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی:** بەپێی دیدی توێژەران وەڵامێکی سایکۆلۆژی تاکە کە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر مەزاج دەبێت، هەروەها جیاوازی تێڕوانینی تاکەکان نیشان دەدات بۆ ئەوەی مانای سایکۆلۆژی ئەوڕەنگانە بدات کە هەر تاکێک بە بینینیان هەست بە ئاسوودەیی وئارامی دەکات وە بە هۆی ئەورەنگانەوە جیاوازی دەکات لە نێوان شتەکان. وە ئامرازێکی دەوڵەمەندی نائاسایيە بۆ هونەرمەندان، هەروەها ئەوتیشکە ڕەنگاوڕەنگانەیە کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی ڕووناکی وە لە گەلیشیدا شیکردنەوە سایکۆلۆژی بە پێی پێویستی پێکهاتەی هۆشیاری وناهۆشیاری لەلایەن تاک وهونەرمەندانەوە شیکاری بۆدەکرێت.

**1. 5. 3. 1. پێناسەی ڕێکاری:** ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی  لەم توێژینەوەیەدا بە واتای کۆمەڵێک هەڵچوونی دەروونی دێت کە کاریگەرییان لەسەر هەست وهۆشی هونەرمەند هەیە، وە ئەمەش لە شێوازی تابلۆ هونەرییەکانیدا دەردەکەون.

## 2. چوار چێوەی تیۆری توێژینەوە

### 2. 1. توێژگەی یەکەم:- هەڵچوونەکان وهونەر:

هەڵچوون بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ، تێکەڵ هەموولایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەمان دەبێت، بەوپێیەی لە هەموو پەیوەندییەکانماندا هەن، وە ناتوانین بەها و گرنگییەکەی پشتگوێ بخەین، وا لە ژیان دەکات ببێتە شتێکی هەمەجۆر وچێژبەخش، لەکاتی نوکتە و گاڵتە دڵخۆش دەبین و پێدەکەنین وە لەکاتی ناخۆشی و کارەساتدا دڵتەنگ دەبین و دەگریێن، کەواتا بەبێ هەڵچوون ژیانی مرۆڤ وەستاو وپچڕا وبێزارکەر وگۆشەگیر دەبێت. مرۆڤ ناتوانێ بەبێ هەڵچوون بژیت، وە چڕی هەڵچوونە نەرێنییە ئازار بەخشە بەردەوامەکان وا لە ژیانی مرۆڤ دەکات ڕەق وتوند وگرژ بێت، وەبەرەو شڵەژانی دەروونی بڕوات، بۆیە پێویستە مرۆڤ بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ هەڵچوونەکان بکات تاکو لە شڵەژانی دەروونی دوور بکەویتەوە. (ڕاجیح) هەڵچوونەکان بە حاڵەتێکی جەستەیی، سایکۆلۆژی، یان حاڵەتێکی وروژاندنی گشتی پێناسە دەکات، کە خۆی لە هەست وجەستە و هەڵسوکەوتی تاکدا دەردەخات، وە دەبێتە پاڵنەر بۆ چالاکیەکان، وە بەم شێوەیەش ترس ودڵەڕاوکێ لە هەڵچوونەکانن (راجح. 1982 لا. ١٢٢). بۆیە هەڵچوون ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هونەری شێوەکاری، هونەرمەند لە کارە هونەریەکانیدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕەنگ و شێوە و هێڵ و سێبەر و ڕووناکیەوە هەست و بیرکردنەوەکانی دەربڕێت. ئەم هەستانە دەتوانن ئەرێنی یان نەرێنی بن.

هەڵچوونەکانمان وامان لێدەکەن هەست بە ڕەنگ وتامی ژیان بکەین، هەروەها یارمەتی مانەوەشمان دەدەن لە ژیان (الريماوي. 2004، لا.237). بەوپێیەی هونەری وێنەکێشان بوارێکی دانەبڕاوە لە ژیان بۆیە ڕووداوە کۆمەڵایەتی وسروشتی وئابووری وسیاسیەکان کاریگەری لە سەر هەڵچوونەکانی هونەرمەند دروست دەکات، ئەمەش بۆتە شایەتحاڵی گەشەسەندنێکی سەرنجڕاکێش لە بواری هونەریدا، وە لە سایەی کاری هونەری ئەو هونەرمەندانە بووە کە بەردەوام پەرەیان بە بەرهەمە هونەریەکانیان داوە، هەروەها ئەوکارلێک و ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوویانداوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیان کاریگەری لە سەر سایکۆلۆژی هونەرمەند دروست کردووە و وای کردووە بەردەوام بێت لە توێژینەوە لە بواری هونەردا. کەواتە هەڵچوونی هونەری "بریتیە لەو هەستەی کە هونەرمەند بەرهەمی دێنێت و بۆ بینەر دەیوروژێنێت، وە هەڵچوونی هونەری دەتوانێت کۆمەڵێك هەست وسۆز لەخۆ بگرێت لەوانە: خۆشی، سۆز، تێرامان، خەم، توڕەیی، ترس، سەرسامی، وروژاندن، هەستکردن بە ئیلهام وداهێنان. هەستەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لە سەر پاڵنەر، ئاراستەکردن، ڕێگریکردن و وەستاندنی هەڵسوکەوتەکان، وەک ئەوەی لە پاڵنەرە فیسیۆلۆژییەکاندا هەیە (الواقفي. 2003، لا.17).

لە لایەکی ترەوە توێژەران پێیان وایە هەڵچوون پەیوەندی پەیوەندی بە لایەنەکانی کەسایەتییەوە هەیە: وەک لایەنی دەروونی، لایەنی هەڵسوکەوت ولایەنی کۆمەڵایەتی، بۆیە هەڵچوون یەکێکە لە بناغە گرنگەکان لە بنیاتنانی کەسایەتیدا، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی کار دەکات ئەگەر کۆنترول بکرێت. وە بەوپێیە لایەنی هەڵچوونی پەیوەندییەکی نزیکی بە لایەنەکانی تری کەسایەتییەوە هەیە، چ جەستەیی و یان ژیری، یان کۆمەڵایەتی بێت، کەواتە بەبێ هەڵچوون، ژیانی مرۆڤ سارد و بێ جووڵە دەبێت (الزعبي. 2007، لا. 179).

هەرچەندە هونەر دەتوانێت توخمێکی کاریگەر بێت لە کاریگەریکردن لەسەر هەست وهەلچوونەکان، بەڵام هونەرمەند دەبێت هەستیارانە وبەرپرسیارانەتر مامەڵەی لەگەڵدا بکات، وە پێویستە هونەرمەند خۆی لە هەڵچوونی نەرێنی بەدوور بگرێت کە زیانی دەروونی بە بینەر دەگەیەنێت.

بەپێی بۆچوونی (بێک*) " تیۆری مەعریفی زۆر بایەخ بە هەڵچوونەکان دەدات، چونکە وروژاندنی سۆزداری بەشێکی سەرەکییە لەوەی کە چارەسەری مەعریفی بەدەستی دەهێنێت، لەسەر بنەمای گۆڕینی ئەوزانست وبیرۆکانەی کە بوونەتە هۆی ئەم وروژاندنە سۆزدارییە، ئەوکەسانەی کە خەمۆکن لە حاڵەتێکی وروژاندندان، وە باس لە بابەتگەلێکی بێزارکەر دەکەن، بۆیە دەبێت بناغەیەکی بەهێز بۆ بنیاتنانەوەی مەعریفی دابین بکرێت، نەرمونیانی رۆلێکی گرنگی هەیە لە هاندانی تاکەکان بۆ دەربڕینی هەڵچوونەکانیان چونکە هاوسەنگی دروست دەکات، (بحر. 2017، لا. 22). کەواتا هونەر تەنها ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی هەستەکان، بەڵکو هونەر دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ کاریگەریکردن و گۆڕینی هەستەکان بەکاربهێنرێت. هونەر دەتوانێت هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت و بۆ هۆشیارکردنەوە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت.


### 2. 2. تویژگەی دووەم: تیۆرەکانی هەڵچوون:

هەڵچوون لە کارلێکی سێ پێکهاتە سەرهەڵدەدات: چالاکی جەستەیی، جوولەی دەربڕین، وئەزموونی هۆشیاری… چۆن دەروونناسەکان بیریان لە هەڵچوون کردوە؟ وە چۆن لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە؟ چوار تیۆر سەریان هەڵدا دووانیان پرسی سەرەکیان سەبارەت بە سێ پێکهاتەی هەڵچوون دەخەنە ڕوو (الريماوي. 2004، ص240).

### 2. 2. 1. تیۆری جەیمس – لانگ James – Lang:

ئەم تیۆرە پشتڕاستی دەکاتەوە کە هەڵچوون کۆمەڵێک هەستی جیاوازن کە بەهۆی گۆڕانکارییە فسیۆلۆژییەکان دروست دەبن وهەڵچوونەکان بەپێی جیاوازی ئەم هەستە فسیۆلۆژیانە لەیەکتر جیاوازن، ئەم تیۆرە لەوە زیاتریش ڕۆیشت کاتێک ئاماژەی بەوەدا کە دەرکەوتنی فیزیکی وئۆرگانیک دەرئەنجامی هەڵچوون نین، بەڵکوهۆکارن بۆ دەرکەوتنەکە (الداهري. 2008، لا. 122).

جەیمس دەڵێت: هەست بە دڵتەنگی دەکەین چونکە دەگرین، هەست بە تورەیی دەکەین چونکە هەڵچوونەکانمان لە لایەن کەسێکەوە لێدراون. وە هەست بە ترس دەکەین چونکە دەلەرزین. بەومانایەی کە باری هەڵچوونی پەیرەوی باری فسیۆلۆژی دەکات (الريماوي. 2004، لا.241)، بەوپێیە ورووژاندنی فسیۆلۆژی هەڵچوونی ترسی بەدوادا دێت هەر وەکولە شێوەی (1)دا دیارە.





شێوەی (1) تیۆری جەیمس – لانگ، نیشان دەدات

### 2. 2. 2. تیۆری کانۆن - بارد Cannon – Bard:

دەروونناسی ئەمریکی کانۆن - بارد پێی وابووکە کاردانەوە فیسیۆلۆژییە جەستەیەکان بەوڕادەیە کاریگەر نین بۆ ورووژاندی هەڵچوونە جیاوازەکان، وە هیچ جیاوازییەکی کاتی لە نێوان ئەزموونی هەلچوونی وگۆڕانی فیسیۆلۆژیدا نییە کە بتوانین یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا ڕێکبخەین، وەک چۆن جەیمس- لانگ باسی دەکات. بەڵکوهەردووکیان لە یەک کاتدا ڕوودەدەن. ئەمەش بەوشێوەیە تەفسیر دەکرێت کە ورووژێنەری هەڵچوونی بەرەوتوێکلی مێشک ئاراستە دەکرێت ودەبێتە هۆی خۆئاگابوون بە ئەزموونی هەڵچوونی ولە هەمان کاتدا بەرەوسیستەمی دەماری سمپەساوی (Sympathetic Nervous System) ئاراستە دەکرێت، کە دەبێتە هۆی وروژاندنی فیسیۆلۆژی جەستەیی، بەومانایەی کە دڵت لە هەمان کاتدا دەست بە لێدان دەکات کە هەست بە ترس دەکەی(Santrock, 2003, P.458). وەك شێوەی (2).

---


* - ئارۆن بێک: لە ساڵی ۱۹۲۱ لە شاری رۆد ئایلەند لەدایک بووە - لە تەمەنی ۱۰۰ ساڵیدا لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، سەرۆکی پەیمانگای بێک بۆ چارەسەری مەعریفی وتوێژینەوە (فازانج نەویست) وپرۆفیسۆری پزیشکی دەروونی لە زانکۆی پێنسیلڤانیا. بۆ زیاتر سەیری: بيك. أرون، العلاج المعرفي والاضطرابات الانفعالي، تر: عادل مصطفى، دار الافاق العربية.





شێوەی (2) وێنەی تیۆری کانۆن – بارد نیشان دەدات

**2. 2. 3. تیۆری دووفاکتەرەکەی شاکتێر Schachter’s Two-Factors Theory:**

ئەم تیۆرە لە نێوان ئەوەی بیری لێدەکەینەوە وئەوەی هەستی پێدەکەین دەکۆڵێتەوە، پێی دەوترێت تیۆری فیسیۆلۆژیای هەڵچوون کە بە تیۆری فاکتەریش ناسراوە، وە ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکات کە وروژاندنی دەروونی بەشێکی گرنگی هەڵچوونە. بەڵام شێوازی هەڵچوون پەیوەستە بە شێوازی هەستکردنی تاک بۆ دۆخەکە، یان بە واتایەکی تر هەڵچوون پەیوەستە بە دوو توخمەکەی وروژاندنی جەستەیی وپۆلێنکردنی مەعریفی. بەم شێوەیە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە شاکتێر گریمانە دەکات کە ئەزموونی هەڵچوونی پەیرەوی لە مێشک دەکات بۆ چالاکییە فیسیۆلۆژییەکان، وە ئەم پرۆسەی جیاکارییە پرۆسەیەکی مەعریفییە کە تاک لە ئەزموونەکانی خۆی لە بارودۆخی وروژێنراوبەکاری دێنێت بۆ ئەوەی بگاتە لێکدانەوەی هەستەکانی، وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا بڕیار دەدات کە چۆن مامەڵە بکات وئەوشێوازەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ جیاکردنەوەی باری هەڵچوونی خۆی (حمدان. 2010، لا. 81)، شێوەی (3) وێنەی تیۆری فاکتەرەکەی شاکتێر، شێوەی (4) هێڵکاری سێ تیۆرییەکە.




شێوەی (3) تیۆری دووفاکتەرەکەی شاکتێر





شێوەی (4) هێڵکاری سێ تیۆرییەکە

**2. 2. 4. تیۆری لۆدۆ (Le Deux's theory): جۆزێف لۆدۆ (1996):**

**لۆدۆ** ڕایگەیاند کە لە سیستەمی مێشکدا بەشی جیاواز هەیە بۆ هەڵچوونەکان، هەندێک لەوسیستێمانە وەک سیستەمەکانی تایبەتی کرداری پێچەوانەی سەربەخۆ لە بیرکردنەوە ولێکدانەوە کاردەکەن، لە کاتێکدا سیستەمەکانی تر پشت بە بیرکردنەوە ولێکدانەوە دەبەستن، بۆ نموونە ترس پەیوەستە بە چالاکیی ئەمێگدالا بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی مەعریفی هەبێت. بەڵام هەستکردن بە تاوان پێویستی بە لێکدانەوەی مەعریفی ویادەوەری ڕووداوەکان یان بارودۆخی ڕابردووی هاوشێوە هەیە، وەهەربۆیە ئەوهەڵچوونانەی کە لە هەر ساتێکدا هەستی پێدەکەین لە یەکەم: تێکەڵەیەک لە کاردانەوەی مێشک وجەستە ودووەم:

لێکدانەوە ویادەوەرییەکانی پەیوەست بە بارودۆخەکەیە. ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەم تیۆرییە دەخاتە ڕوو ( Stephen, 2004, P. 394). شێوەی (6) و(7).

دیدگای جیاواز بەرامبەر بە هەڵچوونەکان زۆرن وئەم دیدگایانە بەپێی گرنگی هەریەکێکیان پۆلێنکراون، دەستەی یەکەم گرنگی بە پەیوەندی نێوان هەڵچوون ویادەوەرییەوەکان دەدەن، وە دەستەی دووەم گرنگی بە پەیوەندی نێوان دەربڕینە هەڵچوونیەکان وتێگەیشتن دەدەن، وە دەستەی سێیەمیش گرنگی بە پەیوەندی نێوان هەڵچوون وڕۆشنبیری دەدەن.




شێوەی (6) دوورێگای هەڵچوون




شێوەی (7) تیۆري لۆدۆ

## 2. 3. تویژگەی سێ یەم: ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی له كاری هونەریدا:

دەکرێ بڵێین "هونەر لە جەوهەردا ڕەنگدانەوەی سایکۆلوژیە بۆ ئەو بار و دیاردانەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سروشتی ڕوودەدەن، وە ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە بە ئاگایی یان بەبێ ئاگایی، دەیەوێت هاوسەنگی دەروونی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەمەش بە دەربڕینی ئەوەی لە ناوەوەیدایە وەك هەست و سۆزەکان، شتە سەرکوت کراوەکان و تێڕوانینەکان " (صالح. 2007، ص5). وە کاری هونەری کارێکە ئامانجی داهێنانی شتێکی نوێ یە، کە تیشك دەخاتە سەر بیرۆکەیەك یان بابەتێکی دیاریکراو یان پرسێک بۆ ڕای گشتی، یان بە واتایەکی دیکە: کاری هونەری بەرهەمێکی مرۆیی یە پێکدێت لە کۆمەڵێک وردەکاری کە سروشتی خۆی روون دەکاتەوە، وە ئامانجەکەی گەیاندنی پەیامی هونەرمەندە کە دەیەوێت بە بینەری بگەێنێت (شریف، 2021، ص363).

کارە هونەرییەکان زۆر جار رەنگدانەوەی ئەزموون وسایکۆلۆژیای هونەرمەندە، بەم شێوەیە کارە هونەریەکان دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی گوزارشت پێکردن  بە هەست و بیرکردنەوە و ئەزموونە کەسییەکانی خودی هونەرمەند (عید، 1980، ص 45). وە لە سایکۆلۆژی هونەری شێوەکاریدا، بەشداریکردنێک لەم بوارەدا مەبەست لێی وروژاندنی ئارەزووی پسپۆڕانی دەروونناسی و ڕەخنەگران، هونەرمەندان، و ڕۆشنبیران بە گشتی، بەرەو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سایکۆلۆژی لەم بوارە فراوانەی مەعریفەی مرۆڤدا (صالح. 2007، ص5).

هونەری شێوەکاری رەگەزەکانی بینینی هونەری خۆی هەیە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارێکی هونەری پوخت، وە رەگەزەکانی کارە هونەرییەکەش بنەمای سەرەکین بۆ هاتنە دی ئامانجی هونەری و گەیاندنی پەیامەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر، بۆیە گرنگی ئەم رەگەزانە بە کەم سەیر ناکرێ، وە رەگەزەکانی هونەر کاریگەری ساکۆلۆژییان هەیە لە کاری هونەریدا، ئەمیش بە لە خۆگرتنی هێڵ، شێوە، ڕەنگ، فەزا، پێکهاتە، ئاراستە، کۆنتراست، هاوسەنگی، باڵادەستی، هارمۆنی، ڕێژە، دووبارەبوونەوە... وە هەریەکێک لەم رەگەزانە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی بینەر هەبێت (سعید، 1990، ص217).

توێژەران بەو ئەنجامە دەگەن کە رەگەزەکانی بینینی شێوەکاری لە ناو کارە هونەرییەکاندا کاریگەری سایکۆلۆژی جیاوازیان لەسەر بینەر هەیە، وە هونەری شێوەکاری ئەم کاریگەرییانە بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی هەست و بیرۆکە و ماناکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

وە سایکۆیۆژی کاری هونەری لە ئەنجامی پێکهاتە دەروونییەکان و ململانێیە شاراوەکانی ژیانی مرۆڤ (هونەرمەند)ەوە دێت کە بێئاگایە لێی، هەر بۆیە بەرهەمی هونەری بارگاوی بووە بە ململانێکانی دەروونی کە لە ڕێگەی هێڵەکان و شێوەکان و ڕەنگەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەجۆرێک کە هەندێک جار ئەوەی واقیعیە دەردەکەوێت وە لە هەندێک کاتیشدا واقیع دەشێوێنێت بە دیدێکی هونەری کە جیاوازە لە شێوەی ئاسایی خۆی، سەرەڕای ئەمەش، ڕاستییەکە لەوەدایە کە هونەرمەند ناوەڕۆک دەداتە فۆرم و هێماکانی، نەک تەنها لە ڕێگەی ئەوەی کە نمایشی کردووە، بەڵکو لە ڕێگەی شێوازی پێشکەشکردنی کارە هونەرییەکە، کە بێبەش نییە لە تایبەتمەندی و ڕەهەندێک کە تایبەتە بە هونەرمەند، بە تایبەت لایەنە سایکۆلۆژیەکەی (شریف، 2021، ص364).

هونەرمەند بە هەست و هەڵچوونی قووڵدا تێدەپەڕێت، وە ئارەزووی دەربڕینی ئەو هەستانەی بەرەو بەرهەمهێنانی بابەتگەلێکی هونەری دەبات. بەهەمان شێوە کاتێک خەڵك هەوڵی لێکدانەوەی بەرهەمێکی هونەری تایبەت دەدەن، باس لەوە دەکەن کە لە مێشکی هونەرمەندەکە لە کاتی دروستکردنی بەرهەمەکەدا چی دەگوزەرا، وە یان ئاماژە بەو زەمینە مێژووییە یان کۆمەڵایەتییە دەکەن کە بەرهەمەکەی تێدا هاتۆتە ئاراوە (ستولنیتز، 2007، ص129).

لە روانگەیەکی ماتریالیستییەوە (لینین)* جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەست و نەستەکانمان جگە لە وێنەی جیهانی دەرەکی هیچی تر نین و ئەم وتەیەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کارە هونەریەکان بە گشتی جگە لە ڕەنگدانەوەی واقیع هیچی تر نین (حجاج، ahewar.org).

کەواتە بەرای توێژەران هونەرمەند توانای بەکارهێنانی کاری هونەری هەیە وەک ئامرازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە دەروونی و سۆزدارییەکان، وە باشترکردنی تەندروستی گشتی دەروونی، هەروەها کاری هونەری دەتوانێت ئیلهامبەخش و پاڵنەر و کاریگەری ئەرێنی بۆ ئەوانی دیکە دروست بکات.

دەکرێت کاری هونەری کاریگەری ئەرێنی لەسەر هونەرمەند هەبێت، لە ڕێگای توانای گوزارشت کردنی هەستەکانی بە شێوەیەکی داهێنەرانە و کەمکردنەوەی فشارە دەروونیەکانی، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دەربڕینی ئاستەنگە دەروونییەکان و زاڵبوون بەسەریاندا، لە لایەکی دیکەوە کارە هونەرییەکە دەتوانێت کاردانەوەی نەرێنی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەند بەدەست کێشەی دەروونی یان سۆزدارییەوە بناڵێنێت، کارە هونەریەکان کە دەربڕینی ئازار و دڵتەنگی و نائومێدی لەخۆدەگرێت، ڕەنگە ئاستی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی هونەرمەند زیاد بکات، هەروەها ئەو کارە هونەریانەی کە بابەتگەلێک لەخۆدەگرن کە ترس، تیرۆر، یان گۆشەگیری بەرجەستە دەکەن، دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی دەروونی و سۆزداری هونەرمەند بە جێبهێلێت. (لانجەر) پێی وایە کاری هونەری تا زیاتر گوزارشتخواز بێت، جوانتر دەبێت وەهەرکاتێک شتێک لەم دەربڕینە لەدەست بدات، جوانییەکەی لەدەست دەدات (حکیم، 1986، ص94).

وە بە پێی ئەم بۆچوون و زانیاریانە توێژەران چەندین ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە کاری هونەریدا هەڵدەهێنجین، کە گرنگترینیان:

**-یەکەم: ڕەنگدانەوەی ئەرێنی (گەشبینانە)** لە کارە هونەرییەکاندا دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەڕوانێتە ژیان وە هەڵگری هیوا و گەشبینین، ڕەنگە کاری هونەری لەم شێوەیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر بینەر دروست بکات، بەو پێیەی بینەرهەست بە دڵخۆشی و بەختەوەری بکات.

**- دووەم: ڕەنگدانەوەی نەرێنی (رەشبینانە)** لەسەر کاری هونەری دەردەکەوێت کە مامەڵە لەگەڵ بابەتگەلێکی نەرێنی وەک توندوتیژی و ڕق و بێبەشی دەکات، ئەم جۆرە کارە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر بینەر دروست بکات، بەو پێیەی دەبێتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ و سترێس و خەمۆکی.

**2. 4. توێژینەوەکانی پێشوو:** دوای چەندین هەوڵ دەرکەوت کە هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر رەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە تابلۆی هونەرمەند دارا محەمەد عەلیدا نییە بەپێی زانیاری توێژەران.

### 2. 5. ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1. هەڵچوونەکان بە حاڵەتێکی جەستەیی، سایکۆلۆژی، یان حاڵەتێکی وروژاندنی گشتی پێناسە دەکرێت کە دەبێتە پاڵنەر بۆ چالاکیەکان، بۆیە هەڵچوون ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هونەری شێوەکاری.
2. هونەرمەند لە کارە هونەریەکانیدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕەنگ و شێوە و هێڵ و سێبەر و رووناکیەوە هەست و بیرکردنەوەکانی دەرببڕێت. ئەم هەستانە دەتوانن ئەرێنی یان نەرێنی بن.
3. بە پێی تیۆری جیمس لانگ هەڵچوون کۆمەڵێک هەستی جیاوازن کە بەهۆی گۆڕانکارییە فسیۆلۆژییەکان دروست دەبن.
4. کانون بارد پێی وابووکە کاردانەوە فیسیۆلۆژییە جەستەیەکان بەوڕادەیە کاریگەر نین بۆ وروژاندنی هەڵچوونە جیاوازەکان، وە هیچ جیاوازییەکی کاتی لە نێوان ئەزموونی هەلچوونی وگۆڕانی فسیۆلۆژیدا نییە، بەڵکوهەردووکیان لە یەک کات ڕوودەدەن.

---

* ڤلادیمێر ئولیانۆڤ لە ( ١٨٧٠-1924 )، شۆڕشگێڕێکی مارکسی ڕووسی بوو، ئەو بیروباوەڕی لینینی سیاسی بە دروشمی (زەوی و نان و ئاشتی) دامەزراند ودامەزرێنەری دەوڵەتی سۆڤیەتە.

5. تیۆری دووفاکتەری شاکتێر گریمانە دەکات شێوازی هەڵچوون پەیوەستە بە شێوازی هەستکردنی تاک بۆ دۆخەکە، یان بە واتایەکی تر هەڵچوون پەیوەستە بە دوو توخمەکەی وروژاندنی جەستەیی وپۆلێنکردنی مەعریفی، واتا ئەزموونی هەڵچوونی پەیڕەوی لە مێشک دەکات بۆ چالاکییە فیسیۆلۆژییەکان.
6. تیۆری لۆدو جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوهەڵچوونانەی کە لە هەر ساتێکدا هەستی پێدەکەین تێکەڵەیەک لە کاردانەوەی مێشک وجەستە وهەروەها لێکدانەوە ویادەوەرییەکانی پەیوەست بە بارودۆخەکەیە.
7. هونەر ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژیە بۆ ئەو دیاردانەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سروشتی ڕوودەدەن، وە ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە بە ئاگایی یان بەبێ ئاگایی، دەیەوێت هاوسەنگی دەروونی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەمەش بە دەربڕینی ئەوەی لە ناوەوەیدایە وەك هەست و سۆزەکان، شتە سەرکوت کراوەکان و تێڕوانینەکان.
8. هونەر گوزارشتە لە هەستە دەروونییە شاراوەکانی هونەرمەند وە ئەوەی کە هونەرمەند دەیخاتە روو بەرهەمی لایەنی سایکۆلۆژی خۆیەتی.

### 3. بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە:

**3. 1. کۆمەڵگەی توێژینەوە:** توێژەران کۆمەڵگەی توێژینەوەیان بە شێوەی مەبەستدار دیاری کردووە لە ڕێگەی سنووری ئەو تابلۆ هونەریانەی کە لە لایەن هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی*) بە ئەنجام گەیشتوون، وە ژمارەیان گەیشتە (18) تابلۆ، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و پاشان سەردانیکردنی مەیدانی توێژەران بۆ گەلەری هونەرمەند لە شاری هەولێر و چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ هونەرمەندندا،سەیری هاوپێچ ژمارە (1) بکە.

**3. 2. نمونەی توێژینەوە:** توێژەران نمونەی تابلۆ هونەریەکانی هونەرمەند دارا محەمەد عەلیان خستۆتە بەردیدی شارەزایان بۆ بڕیاردان لە سەر هەڵبژاردنی چەند تابلۆیەك، بۆ ئەم مەبەستەش لەناو کۆمەڵێك لە تابلۆکانی هونەرمەند لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە (3) تابلۆ لە لایەن شارەزایانی بواری هونەری لە سەر ئەنجامی ڕێژەی سەدی هەڵبژێردران وەك نمونەی توێژینەوە، سەیری خشتەی ژمارەی (1) و(2) بکە.

**خشتەی (1) هەڵبژاردنی تابلۆکان بەپێی وەڵامی ئەندامانی لیژنەی شارەزایانی بواری هونەری**

| پ.د .مەکی عومران | پ.د. تەحریر عەلی | پ.ی.د.فەلاح شەکرچی |
|---|---|---|
| D3 | D2 | D3 |
| D6 | D6 | D6 |
| D7 | D11 | D10 |
| D12 | D15 | D13 |
| D17 | D17 | D16 |

* - هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی لە ساڵی 1950 لە هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ودواناوەندی هەر لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی 1974 بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونە رە جوانە کان لە شاری بە غدا تە واودەکات ودەبێتە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر وکۆمەڵەی شێوەکارانی عێراقی وسەندیکای هونەرمەندانی عێراقی. زیاتر لە 30 پیشانگای تایبەتی کردوتەوە وبەشداری زیاتر لە 50 پێشانگای هاوبەشی شێوەکاری لە ناوەوە ودەرەوەی کوردستان کردووە، خەسلەتی ڕەنگەکانی پێکهاتبوون لە ڕەنگی فۆلکلۆری کوردی، هەروەها کاریگەری ڕەگی قووڵی لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بێ بەش نەبووە ئەمانە جگە لەوکاریگەریە رۆشنبیری ورامیاریانەی کە بە درێژایی ژیانیدا بەسەر خۆی ومیللەتەکەی هاتبوو، هەروەها رەنگدانەوەی سایکۆلۆژی ئەوکاریگەریانە راستەوخۆ کاریان کردوە سەر هونەرەکەی، وە لە هەمووی گرنگتر کاردانەوەی ئەولایەنە کۆمەلایەتیە بوو کە لە ماوەی رابردوو بەسەر هونەرمەند دارا محەمەد عەلی وخانەوادەکەیدا هاتبوو ئەویش کۆچی ناوادەی کوڕە تاقانەکەی بوو، لێرەدا ئەگەر ئێمە وەکو توێژەر سەرنج بدەین ولێکۆڵینەوە بکەین لەسەر کارەهونەریەکانی هونەرمەند بە تایبەتی لە دوای ئەوکارەساتە دەبینین ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە تابلۆکانی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی زۆر بە روونی دەردەکەون. (چاوپێکەوتن لەگەل خودی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی لە گەلەرییە هونەریەکەی بە ناوی (موزەی ئاوێنە) لە شاری زەیتوونە لە هەولێر لە رێکەوتی2021/6/7، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوو هونەرمەند لاوین دارا محەمەد عەلی (کچی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی) و هونەرمەند ئەردەوان کوردی (زاوای هونەرەمەند دارا محەمەد عەلی) لە رێکەوتی 2022/12/10 کاتژمێر 4ی دوای نیوەڕۆ لە ماڵەوەی بەڕێزیان لە هەولێر، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی هونەری هونەرمەند دارا محەمەد علی. (موزەی ئاوێنە)، چابخانەی پاك، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، 2021، لاپەرە 6. هەروەها سودم لە هەندێ تابلۆ وەرگرت لە سەرچاوەی کتێبی خودی هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی، لاپەڕەکانی ئاوێنەکانی یادەوەریم، بەرگی 1، چاپخانەی شەهاب، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەرێمی کوردستان، 2022، هەولێر).

**خشتەی (2) ڕێژەی ڕەزامەندی شارەزایانی بواری هونەری لە هەڵبژاردنی تابلۆکاندا**

| کۆد | ژمارەی شارەزایانی ڕازی بوو | ڕێژەی سەدی | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| D2 | 1 | 33% | - |
| D3 | 2 | 66% | قبول کرا |
| D6 | 3 | 100% | قبول کرا |
| D7 | 1 | 33% | - |
| D10 | 1 | 33% | - |
| D11 | 1 | 33% | - |
| D12 | 1 | 33% | - |
| D13 | 1 | 33% | - |
| D15 | 1 | 33% | - |
| D16 | 1 | 33% | - |
| D17 | 2 | 66% | قبول کرا |

**3. 3. ڕێبازی توێژینەوە:** توێژەران لە شێوازی خستنەڕووی نمونەی توێژینەوە، ڕێبازی شیکاری وەسفیی وەک میتۆدێک بۆ شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە گرتۆتە بەر.

**نمونەی ژمارە (1)**

- ناوی هونەرمەند: دارا محەمەد علی
- ناوی تابلۆ: ئافرەت وسوتان
- قەبارە: 25 x 30سم
- مەتریاڵی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئاوی وکەرستەی جۆراوجۆر وکۆلاج
- ساڵی دروستکردی تابلۆ: 1998
- خاوەنداریەتی: گەلەری هونەرمەند



**وەسفی تابلۆ:** پانتایی کارەکە شێوەیەکی ئەندازەیی داگیر دەکات کە شێوەی هەوری چر و او ڕەنگ لە نێوانیاندا هەیە، لە ناوەندی فیگەری ئەندازەییەکەدا سەروەریەکە (السیادة) لە ناوەراستی کارە هونەریەکەدایە.

**ئاماژەکان**: ئەم بەرهەمە پەیرەوی بنەماکانی بیری بوونگەرایی دەکات، بیرۆکەی ناوەندی بوون، هەستی قووڵی نەبوونی، خەمی بەردەوامی چارەنووس ورەتکردنەوەی هەموو ئەوشتانەی کە ڕێگری لە هەستی بوونی دەکات، یان ئەو بوونەی لێ وەردەگرێتەوە وەک ئایین، کۆمەڵگا، زانست، وئەخلاق... هەموو ئەمانە لە دیمەنە کارەساتبارەکەی سیادەی کارەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە کە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە بەدەست قەیرانی دەروونی دەناڵێنێت بە تایبەتی لە فرمێسکی خوێناویەکەیدا.

**سیستەمی پێکهاتە:** شێوەی سەروەریەکە (السیادة) دەکەوێتە سەنتەری تابلۆکە، وە ئەم سیستەمە بە ناوەندگەرایی فیگەری مرۆڤ وهەڵچوونەکەی وجووڵە وقەبارەکەی وهەوڵدان بەرەو ئاماژەدان بە وردترین وردەکارییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بوونی فۆرماڵی وواتاسازییەکەی نیشان دەدرێت، وە هونەرمەند لەم دارشتنەیدا هەوڵیداوە هێڵ وەك توخمێکی کاریگەر لە شێوە ئەندازەییەکە و رووخسارە تێکشکاوەکەی و پرچی فیگەرەکە بەکار بێنیت، لەگەڵ ئەوشدا هێلی زیکزاکی بەکارهێناوە وەك وەسفێکی ناجێگیری بۆ

پارمەتیدان لە گوزارشت کردن لە هەستی ڕاستگۆیی بەرامبەر هەڵچوونەکانی و دروست کردنی کاریگەری لەسەر هەست و کارلێکی دەروونی بینەر. وە لەرووی ڕەنگەوە ... بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی ساردی بەکار هێناوە بۆ بە دیارخستنی ئەو ڕەنگە سورە گەرمەی کە لە چەند شێوێنێکی تابلۆکە بەکاریهێناوە لەوانە: پشت فیگەرەکەی کە بە شێوەیەکی دوکەڵاوی، هەروەها بۆ فرمێسکە خوێناویەکەی ناو چاوەکان و سەر دەستی، ئەمەش بۆ گوزارشت کردن لەو بارودۆخە خەماویە شڵەژاوەی کە هونەرمەند مەبەستی بووە دەری ببڕێ.

**تەکنیکەکانی جێبەجێکردن:** هونەرمەند لەم کارە هونەریەیدا ڕەنگی ئاوی وکەرستەی جۆراوجۆر بەکار هێناوە، و وردبینی وردەکارییەکانی کارەکە وتایبەتمەندی دابەشکردنی ناوچەی سێبەر ورووناکی وکاریگەری هێڵە لارەکانی لە سەر کارتۆن جێبەجێ کردووە، هەروەها هونەرمەند پەنای بۆ تەکنیکی کۆلاج بردووە بۆ ئەوەی بیرۆکەکەی بە باشترین شێوە دەرببڕێت، لەم کارەدا بە شێوازی دەربڕینخوازی (ئیکسپرسیۆنیزم) کاری کردووە.

**ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی:** لەم بەرهەمەدا دەتوانرێت زۆرێك هەڵچوونی ڕوون لە کۆمەڵێک هێما دەستنیشان بکرێت کە هونەرمەند بۆ زیادکردنی هەستی سیادەی ناوەراست لەم بەرهەمەدا بەکاریهێناوە. بەهەمان شێوە کولتوری هێشتە (میرات) کاریگەری لە سەر هونەرمەند هەیە، فرمێسک بە ڕەنگی دڵۆپە خوێنی چڕ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ چڕی وقووڵی خەم وکاریگەرییەکەی لەسەر دەروون، هەروەها لە جوڵەی دەستەکان بۆ هەردوولای دەموچاوی هەوڵێکە بۆ پاراستنی ڕۆح وجەستە لە توندی تووشبوون، هەمووئەم ڕووداوە بە ئازارانە بیرۆکەی ئەو برینە ئازاربەخشە قول دەکات کە ئەم ژنە بەرکەوتەی بووە.

ئەم کارە هەوڵدەدات ئەوقەیرانە چەقێنەرانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرکەوتەی دەبێت، وەک مردن ودابڕان وکەمئەندامی وئەوەی بۆ هەمووئەمانە بەجێی دەهێڵێت لەڕووی کاریگەرییە دەروونییە ناوخۆییەکان وگۆڕانکارییە دەرەکییەکان کە گوزارشت لە کۆمەڵگاکەی دەکات وڕادەی ئەومەترسییەی مرۆڤ لە کاتی کارەسات وقەیرانە توندەکاندا بەریکەوتووە، بێدەنگ ئازار دەچێژن بەبێ ئەوەی کەس بزانێت.

| **نمونەی ژمارە (2)** | |
| --- | --- |
| ▪ ناوی هونەرمەند: دارا محەمەد علی<br>▪ ناوی تابلۆ: مۆنۆمێنتی دایك<br>▪ قەبارە: 58 x 70سم<br>▪ مەتریاڵی بەکارهاتوو: ئەکریلك لەسەر کارتۆن<br>▪ ساڵی دروستکردی تابلۆ: 2016<br>▪ خاوەنداریەتی: گەلەری هونەرمەند |  |

**وەسفی تابلۆ:** ئەم کارە هونەریە پێکدێت لە کۆمەڵە فرێمێکی یەك لەدوای یەك، کە لێواری ئاستەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یە وەك بلێن پارچە ئاوێنەی شکاوە، وە لەسەر پارچەی پێشەوە دیمەنێکی خەماوی بە دی دەکرێت کە تێدا ژنێك بە چاوی فرمێسکی خوێناویەوە دەگری ومنداڵێکی ساوای لە باوەش گرتووە کە چاوەکانی قەپاتن، وەك ئاماژە بێت بۆ مردنی منداڵەکە، وە لە پشت ئەودیمەنە گردێکی سەوز هەیە، لەسەر ئەم گردە سەوزە پیاوێک لە دوورەوە وەستاوە ودارێکی بە ئاگری لەدەستە.

**ئاماژەکان:** لە ڕووی پێکهاتە وبیرۆکەوە دیمەنی مان ونەمانمان نیشان دەدات، دیمەنی یەکەم: کارەساتبارە وپڕە لە وردەکاری وهەڵچوون کە ئەوژنە (دایک) بە هۆی مردنی منداڵە ساوایەکەیەوە تووشی بووە، وە منداڵە ساوایەکە ڕازاوەتەوە بەوداب ونەریتە کوردەواریەی کە لەناوکۆمەلگای کوردیدا باوە، لەوانە ئەوچەناخەیەی کە بە نێوچەوانی منداڵە ساوایەکە بە بنیشتی کوردی بە پرچییەوە دەنووسێنن تا وەکوپاریزراوبێت لە چاوی پیس، وە ئەم ئازارە بێ دەنگیەی دایکی لە دووری پیاوی (باوک)دا توندتر وخوێناویتر بووە.

**سیستەمی پێکهاتە:** ئەم کارە هونەریە لەسەر بنەمای دیمەنی ناوەندی کە بەسەر دووپانتاییدا دابەشکراوە: تراژیدی نزیک، وڕێورەسمێکی دوور، بۆیە سیستەمی پێکهاتەکە پێکهاتووە لە سیستەمی جەمسەری بۆ دارشتنەکە، کە تێیدا بە گشتی دوودیمەن یان دووتوخمی تێدا زاڵن. هونەرمەند هەوڵی دابەش کردنی تۆنەکانی ڕەنگی سوری داوە بە هەموواتا خوێناوی وکارەساتباریە

توندوتیژەکانییەوە کە لە فرمێسك ورووخساری دایکەکەدا بەدی دەکرێت، وە لە ئاسمانی ئەودیمەنە دوورەی کە پیاوەکەی تێدا وەستاوە، هەروەها ئەورەنگە پەمەییەی کە لە سیمای منداڵە مردووەکەدا بەدی دەکرێ، لە کاتێکدا ڕەنگی سەوزی بەکار هێناوە لە دیمەنی گردەکە وەکودووڕەنگی دژ بەیەك، واتە هونەرمەند زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ هێماسازی ڕەنگەکان کردووە بۆ زیاتر خزمەتکردن ودەربڕینی کارە هونەریەکەی.

**تەکنیکەکانی جێبەجێکردن:** ئەم کارە دڕندەیی ژیان ئاشکرا دەکات کە مەترسی لەسەر چارەنووس وسەلامەتی وبەختەوەری خێزان دروست دەکات، بە تایبەتی کاتێک یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانی لەدەست دەچێت، بەتایبەتیش منداڵ، هەروەها ڕادەی زیانی دەروونی دایک وباوک، دیسانەوە بەتایبەتی دایک، کە ڕووبەڕووی مەترسی وقەیران وبە تەنیایی وبێ هاوسەری لە نەخۆش کەوتنی کۆرپەکەیان، بۆ ئەوەی گوزارشت لەوبابەتە بکات ومافی بدات، هونەرمەند هەستاوە بە بەکارهێنانی ڕەنگی ئەکریلك لەسەر کارتۆن، وە بە تێکەڵاوکردنی هەردوو شێوازی ئیکسپرسیۆنیزم کاری کردووە.

**ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی:** ئەم بەرهەمە دۆخێکی کارەساتاوی دەگێڕێتەوە کە کاریگەری لەسەر هەستی دایک وباوکدا هەیە… خەم وپەژارەی دایک نیشان دەدات کە لە ساتە وەختی مردنی منداڵە ساوایەکەی ودارمانی بەرامبەر ئەورووداوە خەمناکاویە، دوای ئەوهەمووئازارەی کە دایکان دەیچێژن لە ماوەی دووگیانیاندا… شۆکی مردن ونەبوونی باوکەکە بەسەریدا دێت… ئەمەش بابەتێکی ترە کە نەک تەنها ئازاری دایکەکە دەدات، تەنانەت بۆ ئەوباوکەش بە ئازارە کە لە دووری خانەوادەکەی ئازاری لە دەستدانی کۆرپەلەکەی دەچێژێت.

| | |
|---|---|
| **نمونەی ژمارە (3)**<br>▪ ناوی هونەرمەند: دارا محەمەد علی<br>▪ ناوی تابلۆ: باوەشی میهرەبانی<br>▪ قەبارە: 60 x 80سم<br>▪ مەتریاڵی بەکارهاتوو: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانفاس<br>▪ ساڵی دروستکردنی تابلۆ: 2020<br>▪ خاوەنداریەتی: گەلەری هونەرمەند |  |

**وەسفی تابلۆ:** ئەم بەرهەمە هونەرییە پێکهاتووە لە شێوەی ژن وپیاوێک بە جلی فۆلکلۆری کوردییەوە، شان بە شانی یەکتر وەدەستیان بەرەومنداڵێک درێژ کردووە کە لەسەر کورسییەک لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەی تابلۆکە دانیشتووە وپشتی لە بینەرە ودەستی بەرەوژن وپیاوەکە درێژ کردووە، لە کاتێکدا بە کێڵگەی گەنم دەورە دراوە. وە لەپێشەوە کە دەکاتە پشت کورسیەکە ڕستەی گولینگەی ڕەنگاورەنگ بەشێوەیەکی نەریتی کوردەواری ڕازاوەتەوە، وە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا دوودیمەن بەدی دەکرێت: یەکەمیان لای ڕاست دیمەنێکی سروشتی وکێڵگە وکشانی ئاووجووتێک کۆتری تێدایە، وە دووەمیان لای چەپ دیمەنی ژوورەوەی ماڵێکی کوردی بە داب ونەریتی فۆلکلۆریەوە دیارە، وە لە نێوان ئەودوودیمەنە باڵندەیەکی پەمەیی (کەڵەشێر) هەیە.

**ئاماژەکان**: لە ڕووی توخم وپێکهاتەکەیەوە سەر بە بیری ئەفسانەیی ومیراتی ئایینیە. کەهەست ونەست وبیرو وباوەڕەکان لە دوای مردن وێنا دەکات، وە باوەڕێکە لە هۆشیاری هەمووگەلانی جیهاندا هەیە. هەمووکەسێک دیدگایەکی هەیە دوای مردن چی ڕوودەدات، بەڵام هیوا ئەوەیە بەهەشت پشکی ئەوکەسانە بێت کە دەڕۆن وجێمان دەهێڵن، ئەم چەمکە میتافیزیکییە بە دیمەنی کۆبوونەوەی زیندووەکان لەگەڵ مردووەکان لە بەهەشتی بەختەوەریدا کۆدەکاتەوە.

**سیستەمی پێکهاتە:** ئەم کارە هونەریە بە شێوەیەکی گشتی دیدارێکە لە نێوان (منداڵ) ونێوان (دایک وباوک) وەک دوولایەنی سەرەکی لە داڕشتنی کارەکەدا بەڕێوەدەچێت، چونکە ئەوان ڕووداوی سەرەکی وتوخمی ناوەندیین. هەمان شت بۆ هەردوودیمەنەکانی سەرەوە لە تەنیشت یەکترین (واقیع وخەیاڵ)، لە کارەکەدا یاسای هاوسەنگی لە فۆرمی تەقلیدیدا زاڵە، بەجۆرێک هونەرمەند توخمەکانی لە هەردوومیحوەری کارەکەدا لە ڕووی شێوەکان وهێڵ وڕەنگەکانیشەوە بە یەکسانی دابەش کردووە.

**تەکنیکەکانی جێبەجێکردن**: هونەرمەند ئەم کارە هونەرییەی بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قوماشی کانفاس ئەنجامداوە، هیچ مەتریاڵێکی دیکەی زیاد نەکردووە، وە بە شێوازی سەمبولیك ئەنجامی داوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکوبتوانی پەیامی بابەتەکە بە

ئاسانی بگەێنێتە بینەر. ئەم بەرهەمە گوزارشت لە هەستی ئەودایک وباوکانە دەکات کە تووشی کارەساتی لەدەستدانی یەکێک لە منداڵەکانیان بوونە، وە بەوهیوایەن کە پێش ئەوان بچێتە بەهەشت ودۆخێکی باش وخۆشی هەبێت.. ئەمەش شتێکە کە بە قووڵی پەیوەستە بە میراتی کولتوورییەوە، وە ئاماژەیەکیشە کە منداڵان لە بەهەشتدا دەبنە باڵندە وجۆرێکە لە سەرەخۆشی وهاوسۆزی دڵنەوایی وسەبووری بۆ ئەودایک وباوکانەی کە منداڵەکانیان لەدەستداوە کە سەبریان هەبێت بەرامبەر بە کەسانی تووشبووبەوکارەساتەکە.

**رەنگدانەوەی سایکۆلۆژی:** لەم کارەدا هەستە قووڵ وجۆراوجۆرەکانی مرۆڤ کە لە چوارچێوەی هەستێکی ئازاربەخش کە بەسەر دایک وباوکەکەدا هاتووە نوێنەرایەتی دەکات، ئەویش بە ڕۆیشتن ولە دەستدانی منداڵەکەیان لە جیهانەکەیانەوە بۆ جیهانەکەی تر، بۆیە هونەرمەند لەم دیمەنە جولەیەکی ڕووبەڕووی هەڵبژاردووە بۆ دایک وباوکەکە، بەلام بۆ منداڵەکە دیمەنی پێچەوانەی دایك وباکەکەی هەلبژاردووە، چونکە لەم دونیایە دوورکەوتووەتەوە، واتە حاڵەتێکی کارلێکی قووڵە لە نێوان بیرۆکەی بوونێکی خۆش ونەبوونێکی بە ئازار.

## 4. ئەنجام و دەرەنجامی توێژینەوە

### 4. 1. ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لەڕێگەی زانیاریەکان و نیشانەکانی چوارچێوەی تیۆری و شیکردنەوەی نموونەکان توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) بە شێوازی چەند قوتابخانەیەکی هونەری مۆدێرن کاری کردووە لەوانە (دەربڕینخوازی، سەمبولیك)، کە بابەتە هونەریەکانی سروشتی کوردستان، مرۆیی، ودەروونی لە خۆگرتووە، بۆیە ئەزموونە هونەریەکانی خۆی بە بابەتەکانی پەیوەست بە واقیع وهێما ودەربڕینخوازی دەوڵەمەند کردووە.
2. دووبارەکردنەوەی بابەتی هەست و سۆز وهەڵچوون وخۆشەویستی و کۆرپە و دایك و باوك.
3. بەستنەوەی هێماکان بەیەکتر لەنێوان دایك و کۆرپە و باوك وفۆلکلۆر وخۆشەویستی وتامەزرۆ بوون لەڕێکخراوێکی دراماتیکیدا کە گوزارشت لە هەڵچوونەکان دەکات.
4. تابلۆکان بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قوماشی کانفاس و ڕەنگی ئاوی لە سەر کارتۆن و کەرەستەی جۆراوجۆر وتەکنیکی کۆلاج ئەنجام دراون.

### 4. 2. دەرئەنجامەکان:-

لەهەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە، توێژەران ئاماژەیان بەم ئەنجامانەی خوارەوە کرد: -

1. کارەکان جەخت لەو هەست و سۆزانە دەکەن کە دایك و باوك بەرامبەر کۆرپەلەکانیان هەیانە.
2. هونەری شێوەکاری ئەو ڕێگایەیە کە هونەرمەند دارا محمد عەلی پەنای بۆ بردووە بۆ دەربڕینی ئەوهەست وهەڵچوون وئازارانەی کە بینیویەتی.
3. کارەکانی پڕە لە روحی بەهای هونەری کە تێیدا داب ونەریتی کوردەواری بەرجەستە کردووە وشانازی بە کەلەپوری فۆلکلۆری کۆنی خۆی کردووە.

### 4. 3. ڕاسپاردە:-

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەران پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

4. دەرکردنی کتێب و بڵاوکراوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر چەمکی سایکۆلۆژی هونەر بە کوردی بۆ بەشداریکردن لە تەواوکەری توێژینەوەی زانستی و پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی شێوەکاری لە کوردستانی عێراق.
5. پێویستی دامەزراوە هونەرییە تایبەتمەندەکان بۆ دۆکیۆمێنتکردنی بەرهەمەکانی هونەرمەندانی پێشەنگ، بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی هونەرییان، بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی لە کارە هونەریەکانیاندا.
6. گرنگی دان بە پرۆگرامەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و زیاد کردنی بابەتی (سایکۆلۆژیای هونەر).

### 4. 4. پێشنیار:-

وەک تەواوکارییەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستا، توێژەران پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە دەکەن بەم شێوەیە:

1. لێکۆڵینەوە لە واتا ڕەمزییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی دا.

2. توێژینەوە لەسەر ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژی لە تابلۆی هونەرمەندانی كوردستاندا.
3. لێكۆڵینەوە لە تەكنیكە بە كارهاتووەكان لە تابلۆی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی.

### 4. 5. لیستی سەرچاوەكان:

#### 4. 5. 1. سەرچاوە بە زمانی كوردی:


- عەلی. دارا محەمەد، (2021) موزەی ئاوێنە، چابخانەی پاك، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان، هەولێر.
- عەلی. دارا محەمەد، (2022) لاپەڕەكانی ئاوێنەكانی یادەوەریم، بەرگی1، چاپخانەی شەهاب، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان، هەرێمی كوردستان، هەولێر).


#### 4. 5. 2. سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:


- حكيم، راضي. (1986) فلسفة الفن عند سوزان لانجر، ط 1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- الداهري. صالح، (2008) أساسيات التوافق النفسي والاضطرابات السلوكية والانفعالية، الأسس والنظريات، ط1، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- راجح، احمد عزت، (1982) أصول علم النفس، ط11، دار المعارف، ابن رجب، جامع العلوم والحكم، القاهرة، مصر.
- الريماوي. محمد عودة، واخرون، (2004) علم النفس العام، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط1، عمان.
- الزعبي، أحمد محمد، (2007) مدخل الى علم النفس، ط1، مكتبة الرشد، الرياض.
- ستولنيتز، جيروم. (2007) النقد الفني دراسة جمالية، تر: فؤاد زكريا، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية، مصر.
- ستوليتز. جيروم، (1974) النقد الفني (دراسة جمالية فلسفية)، تر: فؤاد زكريا، ط1، مطبعة عين شمس، القاهرة.
- سعيد، أبو طالب محمد. (1990) علم النفس الفني، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة.
- صالح. قاسم حسين، (2007) فى سيكولوجيه الفن التشكيلى، دار دجلة، عمان.
- المالح، احسان، (1995) الخوف الاجتماعي، دار الاشراقات، دمشق.
- الواقفى. راضي، (2003) أساسيات التربية الخاصة، جهينة للنشر والتوزيع، عمان.


#### 4. 5. 3. نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا:


- بحر، فريد خضر، (2017) وهم الأطراف وعلاقته بالانفعالات النفسية لحالات البتر(دراسة وصفية تحليلية)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الاسلامية، غزة.
- حمدان. محمد كمال، (2010) الاتزان الانفعالي والقدرة على اتخاذ القرار لدي ضباط الشرطة الفلسطينية، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية بغزة، فلسطين.
- محسن، فراس محمود، (2007) الأبعاد النفسية في الرسم التعبيري الحديث، رسالة ماجستير غير منشورة في التربية الفنية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بابل.


#### 4. 5. 4. گۆڤارەكان:


- شريف، فريال عبد المنعم. (2021) سيكولوجية العمل الفني في القصة الدرامية لإنتاج أعمال فنية معاصرة، مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية، مجلد6، عدد 29، القاهرة .
- عيد، كمال. (1980) جماليات الفنون، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد،


#### 4. 5. 5. چاوپێكەوتن:


- چاوپێكەوتن لەگەل خودی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی، لە گەلەرییە هونەرییەكەی بە ناوی (موزەی ئاوێنە) لە شاری زیتوونە لە شاری هەولێر، 2021/6/7 .
- چاوپێكەوتن لەگەڵ هەردوو هونەرمەند لاوین دارا محەمەد عەلی (كچی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی) و هونەرمەند ئەردەوان كوردی (زاوای هونەرمەند دارا محەمەد عەلی) لە ڕێكەوتی 2022/12/10 كاتژمێر 4ی دوای نیوەڕۆ لە ماڵەوەی بەڕێزیان لە هەولێر.


#### 4. 5. 6. سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:



- David. Myers, (2004), Psychology, Seventh Edition, WORTH Publishers USA.
- John. Santrock, (2003), Psycholgy 7, Mc Graw Hill.Boston.
- Moreno. (2010), light pipes, JOSA.
- Stephen. Kosslyn, & Roben, (2004) Rosenberg, Psychology, The Brain The Person, The World, 2ed ed, Pearson Education, Lnc, Boston.


#### 4. 5. 7. سەرچاوەی ئینتەرنێت:


- حجاج، ابراهيم. نظرية الانعكاس، ما لها وما عليها(ahewar.org).

**هاوپێچ (1)**

**خستنە رووی کۆمەڵگای توێژینەوە بۆ بەردیدی شارەزایانی بواری هونەری**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |  |
| D6 | D5 | D4 | D3 | D2 | D1 |
|  |  |  |  |  |  |
| D12 | D11 | D10 | D9 | D8 | D7 |
|  |  |  |  |  |  |
| D18 | D17 | D16 | D15 | D14 | D13 |

**الانعكاسات السيكولوجيه في لوحات الفنان دارا محمد علي**

**(دراسة تحليلية فنية)**

**توانا يحيى خضر**
قسم الفنون التشكيليه، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين- أربيل،أربيل،أقليم كوردستان ،العراق.
twana.khudhur@su.edu.krd

**قاسم حسين صالح**
قسم علم النفس، كلية الآداب، جامعة بغداد، العراق
qassimsalihy@yahoo.com

**مؤيد اسماعيل جرجيس**
قسم الارشاد التربوى النفسى، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان ،العراق.
moaid.jarjis@su.edu.krd

**ملخص:**

تناول البحث الموسوم (الانعكاسات السيكولوجيه في لوحات الفنان دارا محمد علي) هو دراسة تحليلية فنية تتكون من اربعة فصول تضمن الفصل الاول الأطار المنهجي:- مشكلة البحث وتحددت بسؤال واحد كالآتي: ما هو الانعكاس السيكولوجي في لوحات الفنان دارا محمد علي؟ وأهمية البحث وأهدافه وحدوده وتعريف المصطلحات. أما الفصل الثاني فهو مخصص لإطار النظري، ويشمل مبحثين: المبحث الأول: الانفعالات والفن ، والمبحث الثاني: نظريات الانفعال(نظرية جيمس - نظرية كانون - نظرية العاملين لشاختر - نظرية جوزيف لودو )، والمبحث الثالث: الانعكاس السيكولوجيه في العمل الفني، ومن ثم اختيار مؤشرات الإطار النظري والدراسات السابقة، ثم يأتي الفصل الثالث: وهو مختص بإجراءات البحث، المتكون من مجتمع البحث وعينة البحث ومنهجية البحث، والتي تضم (3) عينة. اما الفصل الرابع والأخير يختصص بنتائج واستنتاجات، وقدم الباحثون بعض من التوصيات و المقترحات و أخيراً قائمة المصادر.

**الكلمات المفتاحية:** الانعكاسات، السيكولوجية، الانفعال

**Psychological Reflections in the Paintings of the Artist Dara Muhammad Ali**

Tawana Yahya khudhur
Department of Painting, College of Fine Arts, Salahaddin University- Erbil, Erbil, .Kurdistan Region, Iraq
twana.khudhur@su.edu.krd

Qassim Hosen Salih
Department of Psychology, College of Arts, Baghdad University, Iraq
qassimsalihy@yahoo.com

Moaid Ismail Jarjis
Department of Educational and psychological counseling, College of Education, Salahaddin University- Erbil, Erbil, Kurdistan Region ,Iraq.
moaid.jarjis@su.edu.krd

**Abstract:**

The tagged research dealt with (Psychological reflections on the paintings of the artist Dara Muhammad Ali), an artistic analytical study consisting of four chapters. And the importance of research, its objectives and limits, and the definition of terms. The second chapter is devoted to the theoretical framework, and it includes two sections: the first topic: is emotions and art, and the second topic: is theories of emotion (James' Theory – Cannon Bard's theory - Schachter's Two-Factors Theory - Le Deux's theory), and the third topic: is psychological reflection in the artwork, and then choosing the indicators of the theoretical framework and previous studies, then comes the third chapter: it is concerned with research procedures, which consists of the research community, the research sample, and the research methodology, which includes (3) samples. The fourth and final chapter is concerned with the results and conclusions of the research, The researchers presented some recommendations and suggestions, and finally a list of sources.

**Keywords:** reflections, psychology, emotion